ڕاوێژکارێکی سودانی تێچووی کۆتاییهێنان بە سووتانی غازی هاوەڵ ئاشکرا دەکات

ئەمڕۆ یەکشەممە"مەزهەر محەمەد ساڵح " ڕاوێژکاری دارایی سەرۆک وەزیران، سێ بژاردەی بۆ بەدیهێنانی خۆبژێوی لە غاز دیاری کرد، هاوکات ئاماژەی بە پلانێک کرد بۆ بەستنەوەی بەرهەمهێنانی غاز بە بەهێزکردنی ئاسایشی وزەوە.

"ساڵح"لە لێدوانێکدا بەپێی ئاژانسی فەرمی کەموتەڵع بەدواداچوونی بۆ کردووە وتی: ڕاگەیاندنی پلانێک لەلایەن عێراقەوە بۆ ڕاگرتنی هاوردەکردنی غاز بە یەکجاری تا ساڵی 2028، و وەبەرهێنان لە 74%ی ئەو غازەی لە ناوخۆدا بەرهەم دەهێنرێت، هاوتەریب لەگەڵ ئاراستەی هەناردەکردنی نزیکەی 40%ی بەرهەمە نەوتییەکان تا ساڵی 2030، گۆڕانکارییەکی گرنگە لە بەڕێوەبردنی سامانی هایدرۆکاربۆنی و گواستنەوەیە لە لۆژیکی پێکردنەوەی کورتهێنانی کاتییەوە بۆ بەرزکردنەوەی بەهای زیادە و بەهێزکردنی ئاسایشی وزە.

ڕوونیشیکردەوە : کە بەدیهێنانی خۆبژێوی لە غاز و کۆتاییهێنان بە سوتاندنی غازی هاوەڵ پێویستی بە وەبەرهێنانی تراکومی هەیە کە بە نزیکەی 10 بۆ 15 ملیار دۆلار لە چەند ساڵی داهاتوودا دەخەمڵێندرێت، ئەمەش دروستکردن و فراوانکردنی یەکەکانی چارەسەرکردنی غاز، و ڕاکێشانی تۆڕی بۆرییەکان، و بنیاتنانی وێستگەکانی جیاکردنەوە و وشککردنەوە، و بەستنەوەی بەرهەمهێنانی غاز بە

یەکەی کارەبا و پیشەسازییەوە دەگرێتەوە.

راشیگەیاند : خۆبژێوی بە سێ قۆناغی سەرەکیدا تێدەپەڕێت، کە لە بەرزکردنەوەی وەبەرهێنان لە غازی هاوەڵ و کەمکردنەوەی سوتاندن و زیادکردنی ڕێژەی کۆکردنەوە و چارەسەرکردن دەست پێ دەکات، بە جۆرێک کە ڕێگە بدات هاوردەکردن بە شێوەیەکی قۆناغ بە قۆناغ کەم بکرێتەوە، پاشان قۆناغی کۆتاییهێنانی نیمچە تەواوەتی بە سوتاندنی غاز و بنیاتنانی توانای چارەسەرکردنی سەربەخۆ دێت کە پێداویستی ناوخۆ دابین بکات بەتایبەت لە کەرتی کارەبادا، تا دەگاتە قۆناغی دوای خۆبژێوی کە تێیدا بڕە زیادەکان بەرەو پیشەسازییە گۆڕاوەکان یان هەناردەکردنی بەرهەمە غازییەکانی خاوەن بەهای زیادەی بەرزتر ئاراستە دەکرێن.

ئەو ڕاوێژکارە ڕایگەیاند کە ئەم رێگایە گواستنەوەیەکی جۆرییە لە زیانپێکەوتنی سەرچاوەیەکی دەگمەنەوە بۆ بەکارهێنانی وەک هاندەرێک بۆ هەمەجۆرکردنی ئابووری و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە دەرەوە.

سەبارەت بە کەرتی بەرهەمە نەوتییەکانیش،جەختی کردەوە کە ئەم کەرتە لە ساڵانی دواییدا گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، لەگەڵ نزیکبوونەوەی عێراق لە بەدیهێنانی خۆبژێوی لە چەندین بەرهەمی سەرەکی، بەتایبەت Gasoline و Oil Gas.

لە درێژەی قسەکانیدا ساڵح وتی : وەزارەتی نەوت هەوڵ دەدات توانای پاڵاوتن بەرز بکاتەوە بۆ دەستب□ر کردنی پێداویستی ناوخۆ و دروستکردنی بڕێکی زیادە بۆ هەناردەکردن، ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ ئامانجی هەناردەکردنی 40%ی بەرهەمە نەوتییەکان تا ساڵی 2030.

ئاماژەی بەوەشکرد : پلانەکە خستنەگەڕی پاڵاوگەی نوێ و فراوانکردن و نوێکردنەوەی پاڵاوگە ئەکتیف□کانی ئێستا دەگرێتەوە، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر بەرزکردنەوەی کارایی گۆڕین و باشکردنی جۆری بەرهەمەکان، بە جۆرێک کە هەناردەکردنی نەوتی خاو کەم بکاتەوە و هەناردەی بەرهەمە خاوەن بەها بەرزەکان زیاد بکات، جگە لە بەشداریی ئەم پڕۆژانە لە باشکردنی تەرازووی بازرگانی و ڕەخساندنی هەلی کار و بەستنەوەی کەرتی وزە بە زنجیرە بەرهەمهێنانە پیشەسازییە فراوانترەکانەوە.

هەروەک وتیشی : لە ڕووی دارایی و وەبەرهێنانەوە، قەبارەی تەمویلی پێویست هەرچەندە گەورەیە، بەڵام دەکرێت لە ڕێگەی تێکەڵەیەک لە وەبەرهێنانی حکومی و هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکان و میکانیزمە داهێنەرەکانی تەمویلەوە دابین بکرێت.

جەختیشی کردەوە : کە سوودی چاوەڕوانکراو تەنها لە ڕاگرتنی هاوردەی غازدا کورت نابن□ت□وە، بەڵکو گەڕاندنەوەی ملیارەها دۆلاری ساڵانە لە فاتورەی هاوردەکردن و کەمکردنەوەی فشار لەسەر تەرازووی بازرگانی دەگرێتەوە.

ساڵح وتیشی : خۆبژێوی لە غاز ئاسایشی وزە بەهێز دەکات و کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانکارییەکانی بازاڕی جیهانی لەسەر عێراق سووک دەکات، و توانایەکی زیاتری پێ دەدات بۆ پلاندانانی سەربەخۆ بۆ

کەرتی کارەبا، جگە لە کردنەوەی ئاسۆی نوێ بۆ هەمەجۆرکردنی ئابووری لە ڕێگەی پیشەسازییە پترۆکیمیاوییەکان و پیشەسازی پەینەوە.

لە کۆتاییدا قسەکانیدا ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیران ئاماژەی بەوە کرد کە پڕۆژەکانی غاز و پاڵاوگەکان دەبنە هۆی ڕەخساندنی هەزاران هەلی کاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و پاڵپشتی کەرتی خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان دەکەن،جگە لە بەدیهێنانی دەستکەوتی ژینگەیی و تەندروستی لە ڕێگەی کەمکردنەوەی سوتاندنی غازی هاوەڵ، کە وێنەی عێراق وەک دەوڵەتێکی بەرپرسیار لە بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانیدا بەهێز دەکات.